www.kurdistannet.org

10/01/2002 19:42

## نەخۆشی ناونانی منالآن بەناوی عەرەبی ...!

شێرزاد هەینی ـ سوید
heinisherzad@hotmail.com

چەند رۆژێك لەمەوبەر لە رۆژنامەكانی شاری هەولێر، بەتایبەتی لە هەفتەنامەی " میدیا" و لە گۆشەیەكی بەرتەسكی رۆژنامەی " برایەتی "ش، رەنگە لە ستونی رۆژنامەكانی ترش ئاماژەی پێدرابێت. بە ئامارو دیدارو رازو گلەییی، باس لەوەكرابوو، گوایە ناوی عەرەبی و ئیسلامی بۆ منالآن زۆربووە بە تایبەتی، بۆ كوڕان و لە شاری هەولێردا. بە رادەیەك ناوی كوڕان بە ناوی عەرەبی ئیسلامی لە نیوە زیادترە. بە تایبەتی پاش راپەرین و لە ژێر سێبەری حكومەتی هەرێمدا...! بەڵێ ئاماژە بەوە دراوە، لەرۆژنامەكانا ئەوەش باسكراوە، بەداخەوە زۆر لایەنی ناخۆش و هاوكاری نەكردنی رۆژنامەنوسەكانیش باسكراوە، واتە ترسیش هەیە لە باسكردن و ناوهێنانی ئەم مەسەلەیە. لەبەر ترسناكی ئەم دیاردەیە حەزم كرد منیش ئاماژە بەوە بدەم و لەسەری راوەستم و ئەم تەوەرە لێرە بكرێتەوە، ئەم مەسەلەیە زۆرتر باس بكرێت و خەڵكەكەی لێ ئاگادار بكرێتەوە. هاوشانی خەڵك و دایكوباوكان، دەبێ دەزگا حكومیەكان بە ووردی كاری بۆ بكەن و لێ بێدەنگ نەبن.

مەسەلەی ناوی بێگانەی عەرەبی لە منالی كوردی بەراستی جێگای خەم و نارەحەتیە. كێ بەرپرسەو بۆ ئەو رەوشە هاتە ئاراوەو چۆن چارەسەر دەكرێت، ئەوە زۆری دەوێت. بەلآم ئەوەی جێگای بایەخەو دەبێ بەرپرسان، بە تایبەتی لەسەر ئاستی دەستەلآتی بەرزو دەست رۆیشتوو، خەمی لێ بخۆن و كاری بۆ بكەن. ئەگەرنا كارەكە زۆر بە ترسناكی تەشەنەی كردووە، بە تایبەتی لە دەڤەری هەولێر، وا گەشەی كردووە لەسەر ناوی عەرەبی شەرەو دیمەنی ناخۆش و جێگای سەرنج و سەرسورمانی لێ كەوتیتەوە.

بۆ نمونە، كابرا ناوی خۆی "محمد" و تەمەنی سەرووی چل ساڵە، ئەگەر شەوانە نەچێتە نادی و سەری گەرم نەكات، ئەوە چەندی بۆی بلوێت كەمتەرخەمی ناكات، ناوی لە كوری ناوە " عبدالله" تا ئێرە ئاساییە. بەلآم ئەوەی جێگای زۆر سەرسامی و دوورە لە رەوشتی كودەواری و ئایینی ئەوەیە، برای بچوكی..!! دوو ساڵ لە خۆی بچوكتری ناوی " عبدالله" یە. هێشتا مەسەلەكە ئاساییە، ئەگەرچی زۆر نامۆیە، بەلآم زۆر جێگای سەرنج و لێوردبونەوە نییە، بەلآم ئەوەی هەرگیز رووی نەداوە..!! براكەی كەناوی " عبدالله" یە كورێكی بووە، لە رقان و بۆ تۆلەو خۆشكردنی ئاگرەكەی نێوان هەردوو برا، كورەكەی ناو ناوە " محمد" واتە بەناوی برا گەورەكەی. ئێستا، محمد عبدالله و عبدالله محمد ئامۆزای حەقن..!! ئەوەش هەرگیز رووی نەداوەو نەكراوە و نابێ..!!

یان خێزان هەیە، لەیەك خێزانی وەك مام و خاڵ! و برازا و پورزا و پلك و پلتور، دەكاتە یەك خێزان و لەیەك گەرەكدا، چوار " عەلی" ناویان هەیە، ئەوەی جێگەی سەرنج و سەرسامییە، هەر چوار عەلی لەیەك كۆلانن، لەبەر ئەوەی زۆر هاموشۆیان گەرمەو خێزانەكە نێوانیان خۆشە، تا لەیەكتریان جیایان بكەنەوە ژمارەیان بۆ داناون، ژمارەكەش بە تەمەن و دووری و نزیكی و پارەداری باوكیان بووە. ئەگەرچی پێشوەخت دەیانزانی ئەوە كێشەیان بۆ دروست دەكات، بەلآم نازانم لە پای چی بۆ ئەوەندە سووربوینە لەسەر رێزكردنی عەلی، چوار "عەلی"، رەنگە هێشتا بەبەری ماوە، رەنگە "عەلی" تریش بەرێوە بێت...!

لەبیرمە لەیەك خێزانی لەم جۆرە پەیوەندییەی كۆمەلایەتیانەدا، ئەگەر منالێك بەناوی منالێكی تر كرابایە، خۆ ئەگەر نێوانی تەمەنیان چەند سالێش بوایە، یان لەیەك شاریش نەبونایە، ئەوە ئەو دوو خێزانە پەیوەندی و دۆستایەتیان سارد دەبوو.

زۆرجار ناوی تازە، واتە ناوی دووەم دەگۆڕاو ئینجا ئاشت دەبونەوە. بەڵام بەداخەوە، ئەوەیان نیشانەی بەکەم راگرتنی پەیوەندیەکانیش دەگرێتەوە.

بۆ ئەوەی چاك و ورد ئەمە بە بیر خەڵکەکە بهێنینەوە، وا چاك و پیرۆزە دەزگاکانی راگەیاندو بە هاوکاری رێکخراوە جەماوەرییەکانیش ئەوە بدۆزنەوە، پێش راپەرین و دەستەلآنی کوردان و حکومەتی خۆمان، جاران ناوانی منالآن بە تایبەتی کوڕان چەندو چۆن بووە، با ژمارەو ئامارەکان بنوسنەوە. ئەدی ئەو هەموو رێکخراوە زۆرانەی هەن و بارەگایان هەیە، سالآنە هەڵبژاردن دەکەن، ئیش و بەرنامەیان چیە..؟؟ ئەوەی جێگای سەرسورمانە ئەوەش هەر ناوی کوڕانی گرتۆتەوە. ئەوەش دیارە سەرهەڵدانەوەی بە کەم تەماشاکردنی رەگەزی مێینەیە، چونگە ناوی ئیسلامی گوایە بۆ پیرۆزی و پاراستنە..!! دیارە نایانەوێت کیژە ناسکەکانیان تەمەن درێژو تەندروستی باش بن..!! دوایی، کەی بە ناوبووە. وا نیوەی مەلاکانی ئەم شارەو ئەوانەی بەر لە راپەرین لەدایکبوون ناوی کوردیان هەیە. هەندێکیان سەرکردەو بەرپرسی حزبە ئیسلامیەکانیشن. جا ئەگەر هەر هیچ نەکرێ ئەوە خۆ دەتوانن ناوە کوردیەکان بە گۆرینیان بۆ ناوی عەرەبی قەدەغەبکەن و دادگاکان ئاگاداربکەنەوە. توخوا گوناح نیيە، ناوی وەك " وریا و چاپوك و سەربەست و ئامانج" بکرێتە " مصعب و یاسرو عمارو قتیبە". یان باوك ناوی "زیرەك و دلێرو کرمانج و ئارام" بێت و کورەکەی ناوی " زیدو ئوسامەو زبیرو حسان" بێت........!!! کێ بەرپرسەو کارو بەرنامە چیە..؟؟

©KurdistanNet